# ئاكامی دوژمنانی گەلان لەناو چونە

## ئەحمەد دەشتی

هەر لەو دەم و سات و ڕۆژگارانەوە هەموو ئەوانەی کە هاتوون و بە زۆری زۆرداری دەستیان بە سەر خاکی کوردستان داگرتووە و گەلی کوردیان زۆر بە دڕندانە چەوساندۆتەوە و لەژێر سایەی هەستی دکتاتۆری و مرۆکوژیان و جنایەتکارانەیانەوە لە هیچ کارێکی نامرۆڤانە دژ بە کورد وکوردستان نەپەنگاونەتەوەو بەزۆری زۆرداری و بیرو ڕەفتاری نامرۆڤانەیانەوە هاتۆنەتە سەرکارو بەسەر خەلکی کوردستان دا خۆیان چەسپاندو کوردستانایین داگیر کردووە و زۆر نەهامەتی و تا بلێی کارەسات و دواکەوتوویی و ناڕەواییان لە سەر خاکی کوردستان وەدی هێناوەو هەتا توانیشیان زوڵم و زۆر داریان ئەنجام داو بە هەزاران هەزار ڕۆلەی کوردی بێ تاوانیان لەناو برد و تەنیا نەهامەتی و کوێرەوەریان بۆ گەلی کورد وەدی هێنا، ئەو ملهوڕو زۆردارانە سالەهای ساڵ خۆیان بە سەر خاکی کوردستان داسەپاندو لە هیچ کارێکی دژ بە مرۆڤی کورد درێغیان نەکرد و کوردستانیان کرد بە دەریایێ لە خوێن و هێسک و پروسک و خاکی کوردان و گەلی کوردیان بە کردەوەو هەستی بۆگەنیان بە دەردێکەوە بردوە کە پێم وایە لەم هەموو جیهانەدا هیچ مللەتێکی تر وەک میللەتی کورد پەیدا نابێت کە بەم جۆرە ئاوای بەسەر هێندرابێت و ئاوا بەو شێوەیە دڕندانە ماڵ وێران و خاک لێ داگیر کراو و چەوساوەو تەپەسەرو لە هەموو مافێکی مللی خۆی لەناو زێدو لانەی خۆی دا بێ بەش کرابێت و بەهەزاران هەزار ڕۆلەی لێ شەهیدکرابێت وبە هەزاران هەزاری لێ ون و وێل کرابێت و ئا بەم جۆرە دڕندانە لەناو برابن و بە ئەنفال و گازی سیانیدو خەردەلی قەدەغە کراویش لە نێوان جیهانیاندا لەناو برا بن و ئاوا بەکۆمەل و زیندە بە چاڵ کرابن و لە سەر خاکی خۆی دا مافیان لێ زەوت کرا بێت و مالی خۆیان لێ حەڕام بوو بێت، بەڵام هەرچەند کە دکتاتۆرو دوژمنانی گەلی کورد بە هەموو هێزو تواناکانەوە کوردیان کوشتووەو بۆ لە ناو بردنی گەلی کورد تەنانەت بڕیاری جینۆساید کردنی کوردشیان داوەو بەسەدان هەزار ئاوایی و شارو شارۆچکەی کوردستانیان بەخاک یەکسان کردوەو تا توانیویانەکوردستانیان خاپورو بەخوێن کێشاوە و بەم ڕەرەفتارانەیان مەرگی خۆیان دابین کردو گەلی کوردیش لە ناو نەچوو و هەر مایەوە، ئەوان هەرچەد دڕندەو مرۆ کوژ بوون هەرگیزنەیان توانی کە گەلی کورد لە ناو بەرن، دیمان

که ئەو هەموو جنایەت‌کارانە لە ئاکام دا چیان وەسەر هات و چۆن لە بەر چاوی جیهانیان ڕیسوا بوون و لەدوا جاریش دا سەدامە خوێن ڕێژ و دکتاتۆرە کورد کوژەکەی بەغدامان دیت کە بە چە دەردێکەوە براو جوو، لە گەڵ ئەو هەموو هێزو لەشکرو چەکی کۆمەڵ کوژی و لە خۆ بایی بوونیەوە و ئەو هەموو سەروەت و سامان و قەسرو قسور بۆیان دادی نەدا و دیمان لە گەڵ دەست و پێوەندەکانیەوە چۆن دەست بەسەرو هەموو ساتێکی ژیانیان مەرگ و نەمانەو ئاوا لە ناو هەموو جهانیان دا وا ڕووڕەش و پەست و ڕەزیل بوونە ، خۆ ئەمە ئاکامی هەموو ئەوانەیە کە وەک سەدامی تاوانبار دژ بە گەلانی ئازادی خواز هەنگاو داوێن،بەڵام ئەوەی جێگەی داخە کەخەلکانێ هەن پەند وەرناگرن وهەمان هەست و بیرو بۆچونی دژ بە مرۆڤی کورد و کوردستان ڕەچاو دەکەنەوە و بە بوچوونی مرۆکوژانیان و چاو لە دکتاتۆرە گۆڕ بە گۆڕەکانیان دەکەن و وا دەزانن کە ئەوانیش بۆیان دەلوێت ئەمجارەش جنایەتەکان بێننە کایەوە ، نازانن کە ئەوانیش ئاکامەکانیان هەر وەک دکتاتۆرەکانی تری دیرۆک دەبێت و ناگەن بە هیچ ، هەموو شۆڤێنی و هەست بۆگەنەکان گەلێ لەن کە هەڕەشە لە گەلی کورد دەکەن و دەیانەوێ هەستی شۆڤێنی دژ بە کوردو کوردستان پیادە بکەن و بەنوسین و هەستی گڵاویان شەکر دەشکێنن هەڕەشە لەگەلی کورد دەکەن و ئێستاش دان بە مافی چل ملیۆن مرۆڤع کورد دانانێن و دژ بە هەموو مافێکی میللەتی کوردن ، هەمو ئەو جۆرە کەسانەچە جیاوازیەکیان لە گەڵ سەدامیان دا نیە و هەر بە دەردی ئەویش دەچن، ئەو دەم و ساتانە بە سەر چوو کە کەسانی هەست بۆگەن بکارن بە سەر گەلی کورد دا زاڵ ببن،تازە گەلی کورد بەرەو سەرکەوتن دەڕوات و کوردستانیش بە کوێرایی چاوی نەیارانی بەرەو ئامانج و ئاسۆیەکی ڕوونی خۆی کە سەر بە خۆیی کوردو کوردستانە دەڕوات و لەم ڕۆژی جیهانگیری دا بەڕا پرسیەکی ڕەواو ڕاستەقینە گەلی کورد بڕیاری مافی چارەنوسی خۆی دەدات و لە سەر خاکی خۆی دا بە ئازادی و رەهایی دەژیت و سەردەکەوێت داگیرکەران و دکتاتۆرو مرۆ کوژانی هەر وەک سەدامیان وەسەڕ دێت و بەرەو مەرگ و نەمان دەڕۆن ن و نامێنێن . 7.10.2004